حەسوودی نابێت هەبێت مەگەر لە دوو شتدا نەبێت: پیاوێک خودا سامانی پێبەخشی بێت؛ لە ڕێگای ڕاستدا خەرجی بکات، وپیاوێک خودا حیکمەتی پێبەخشی بێت؛ بەهۆیەوە دادوەری بکات وخەڵکی فێر دەکات

لە ئیبن مەسعودەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلی اللہ علیہ وسلم- دەفەرموێت: «حەسوودی* نابێت هەبێت مەگەر لە دوو شتدا نەبێت: پیاوێک خودا سامانی پێبەخشی بێت؛ لە ڕێگای ڕاستدا خەرجی بکات، وپیاوێک خودا حیکمەتی (زانستی) پێبەخشی بێت؛ بەهۆیەوە دادوەری بکات وخەڵکی فێر دەکات». لە ئیبن عومەرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلی اللہ علیہ وسلم- دەفەرموێت: «حەسوودی* نابێت هەبێت مەگەر لە دوو شتدا نەبێت: پیاوێک خودا (زانستی) قورئانی پێبەخشی بێت؛ بۆیە دەیخوێنێتەوە بەدرێژایی شەو وڕۆژ، وپیاوێک خودا سامانی پێبەخشی بێت؛ ئەویش خەرجی دەکات ودەیبەخشێت بە درێژایی شەو وڕۆژ». *(حەسوودی: لێرەدا -حەسوودی- بە مانای -الغبطة- دێت، واتا هیوا خواستن بەوەی وەکو کەسێک ئەو شتەت هەبێت بە بێ ئەوەی حەز بکەیت ئەو نیعمەتە لە لای ئەو کەسە نەمێنێت)

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری بە هەردوو ڕیواتەکەی]

پێغەمبەر -صلی اللہ علیہ وسلم- لێرەدا ئاماژە بەوە دەکات کە حەسوودی چەند جۆرێکی هەیە لەوانەش ئەو حەسوودیەی لە شەریعەتدا نەهی لێکراوە وحەرامە؛ ئەویش ئەوەیە هیوای ئەوە بخوازیت نیعمەتی خودا بەسەر کەسێکەوە نەمێنێت، وجۆرە حەسوودیەک هەیە دروستە وئاساییە ئەویش ئەوەیە نیعمەتێکی دونیایی بەسەر کەسێکەوە ببینیت وهیوای ئەوە بخوازیت وەکو ئەو خاوەنی ئەو نیعمەتە بیت، وهەروەها جۆرە حەسوودیەکی تر هەیە لە زمانی عەرەبیدا پێی دەووترێت -الغبطة- ئەمیش سونەتە -موستەحەبە- لە شەریعەتدا ئەویش ئەوەیە نیعمەتێکی ئاینی ودینداری بەسەر کەسێکەوە ببینیت وهیوای ئەوە بخوازیت وەکو ئەو خاوەنی ئەو نیعمەتە بیت، ئەمیش ئەو حەسوودیەیە کە پێغەمبەر -صلی اللہ علیہ وسلم- مەبەستی بوو کە فەرمووی: (حەسوودی نابێت هەبێت مەگەر لە دوو شتدا نەبێت): واتا حەسوودی جۆرەکانی وحوکمەکانی جیاوازە بە پێی جیاوازی جۆرەکانی ولە شەریعەتدا سونەت وموستەحەب نییە مەگەر بە دوو مەرج نەبێت: یەکەم/ پیاوێک تەقوادار ودەوڵەمەند بێت، وخوای گەورە ماڵی حەڵاڵی پێبەخشیووە، ئەویش لە پێناوی خوای گەورە دەیبەخشێت؛ بۆیە هیوا دەخوازێت وەکو ئەو بێت بێ ئەوەی نیعمەتەکە لەسەر ئەو لابچێت. دووەم/ پیاوێکی زانا هەبێت، خوای گەورە زانستی بەسوودی پێبەخشیووە کە خەڵکی فێر دەکات، ودادوەری بەو زانستە دەکات لە نێو خەڵکیدا، بۆیە هیوا دەخوازێت وەکو ئەو بێت بێ ئەوەی نیعمەتەکە لەسەر ئەو لابچێت.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3772